
25-9
YES NO
A.S.D. KROTON CYCLING
Cima

**خەسرۆ عەبدولحەمید**

**یاریزانی پاسکیلسواری یانەی کرۆتۆنی ئیتاڵی:**

# وەرزشکارانی کوردستان لەچەندین لاوە بە گرفت و بەربەستی جۆراوجۆر ئابڵوقە دراون

**شاری هەولێر لە مێژووی وەرزشیی خۆی گرنگییەکی زۆری بە یاری پاسکیلسواری داوەو چەندین یاریزانی بەتوانا لەم شارە دروست بوون و ئێستاش بوونەتە جێگای متمانەی یانەکان و توانای بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورەیان هەیە، یەکێک لەم یاریزانانەش خەسرۆ عەبدولحەمید یاریزانی پێشووی شاری هەولێرە کە ئێستا یاری بۆ یانەی کرۆتۆنی ئیتاڵی دەکات، لەماوەی رابردووش لەگەڵ ئەو یانە ئیتاڵییە چەندین نازناوی خولەکانی ئەوروپای بەدەستهێناوە، پێشووتریش لە هەرێمی کوردستان رۆڵی بەرچاوی گێڕاوە لە بەدەستهێنانی چەندین ئەنجامی شایستە بۆ شاری هەولێر. ئەو یاریزانە لەدایکبووی شاری هەولێرە و ئێستاش لە وڵاتی ئیتاڵیا نیشتەجێیە. گۆڤاری گوڵان لە نزیکەوە چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

دیمانە: کارزان کانەبی




*** چۆن بوو بڕیاری وازهێنانت لە وەرزشی کوردستان دا؟**

-من هیچ کاتێك وازم لە لە وڵاتەکەم نەهێناوەو دەستبەرداری نەبووم، ئەوەی هەیە دوورکەوتنەوەیەکی کاتی و ناچاریی بوو. دوای ئەو چەندین ساڵەی لێرە بەرێم کرد لە راهێنان و یاریکردن بۆ یانە جیاوازەکان، گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە نەمدەتوانی وەك پێویست گوزارشت لەو تواناو وزە شاراوانەم بکەم کە هەمە و پێویستم بە بوار و کەشێکی فراوانتر و جیاوازتر بوو. ئەوەش هانیدام بیر لە ئەزموونکردنی پێگەیەکی نوێ و جیاواز بکەمەوە، بەهیوای زیاتر خۆ پەروەردەکردن و بەرەوپێشچوون.

*** لە نێو ئەو هەموو وڵاتانەی ئەوروپا کە گرنگی زۆر بە یاری پاسکیل دەدرێ، چۆن بوو وڵاتی ئیتاڵیات هەڵبژارد؟**

-من هەر لە منداڵیمەوە سۆزێکی تایبەتم هەبووە بۆ هەڵبژاردە و یانە وەرزشییەکانی ئیتاڵیا (جا نازانم ئەوە پەیوەست بوونێکی خۆڕسکانە بووە، یان پاڵنەرێکی دیاریکراوی هەبووە و من ئێستا بیرم نییە)، ئەم هۆکارە وای لێکردم لە هاندانەوە رووبکەمە چاودێریکردن و بەدواداچوونی زانیارییە گرنگەکانی تایبەت بە چالاکیی وەرزشیی ئەو وڵاتە. بۆیە کاتێك بڕیاری ئەو سەرکێشییەم دا، ئیتاڵیا بووە یەکەمین و پەسەندترین ئامانجی گەشتەکەم، لەم بڕیارەشمدا هەستم بە سەرکەوتن کرد، لەبەرئەوەی بە گەیشتنم بەوێ، شتەکانی دەوروبەرم ئاشنا دەردەکەوتن و خۆم بە نامۆ نەدەبینی.

*** چۆن لەگەڵ یانەی کارترۆدن رێکەوتی؟**

- لە ئیتاڵیا بەرێکەوت چاوم کەوت بە (د. میران جلال)، ئەو هاورێیەکی دێرینم بوو، پێشتر لە کوردستان لە رێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە یەکترمان دەناسی، چەندجارێکیش چالاکییە وەرزشییەکانی منی لە رۆژنامەکاندا کردبووە هەواڵ و ریپۆرتاژ. لە رێگەی (د. میران)ـەوە چەند کەسایەتییەکی وەرزشیی و پاسکیلسواری یانەی (کرۆتۆن)م ناسی، وەك (ئۆمبێرتۆ کۆزا)ی پاسکیلسواری یانەی کرۆتۆن، (برونۆ پالێرمۆ)ی بەناوبانگترین رۆژنامەنووسی ئەو شارە و پەیامنێری (SKY

Sport)ی ئیتاڵی، دوای چەند چاوپێکەوتن و زنجیرەیەك راهێنان، دەستەی كارگێڕیی یانەی كرۆتۆن داوایان لێكردم پەیوەندییان پێوە بكەم و بەناوی ئەوانەوە بەشداریی پێشبڕكێكان بكەم.

***جیاوازیی وەرزشی پاسكیلسواری لە نێوان كوردستان و ئەورووپا لە چیدا دەبینی؟**

- جیاوازیی زۆر لەنێوان ئاستی وەرزشی ئەورووپا و وڵاتانی دیكەی جیهاندا هەیە، ئەم جیاوازییەشیان بەراورد بە ئێمە چەندین جارە. لەوێ گرنگییەكی تەواو دەدرێت بە وەرزش و وەرزشكاران، ئەگەر بەهرەیەك لە كەسێكدا بەدی بكەن، خۆیان بەرەوڕووی دەڕۆن، بەهەموو توانایانەوە پشتیوانیيان دەكەن، پێویستییەكانیان بۆ دابین دەكەن، هانیان دەدەن و رێنوێنییان دەكەن، واتا وەرزش یەكێكە لەو بوارانەی وەبەرهێنانی تێدا دەكرێت و جێگەی گرنگی پێدانێكی تایبەتە. لەبەرامبەردا لەكوردستان، وەرزشكاران بەگشتی لەچەندین لاوە بە گرفت و بەربەستی جۆراوجۆر ئابڵۆقە دراون، وەك كەمیی ئەزموون و پسپۆڕ لەم بوارانەدا، نەبوونی پاڵپشتی دارایی، كەمیی ئامێر و كەرەستەی پێویست و لە هەمووی گرانتر بارودۆخی گشتیی سیاسی وڵاتەكەمانە. لەبەر ئەم هۆكارانە دەتوانم بڵێم بەراوردكردنی ئاستی خۆمان لەگەڵ وڵاتێكی پێشكەوتووی وەك ئیتاڵیا بەراوردێكی نادادپەروەرانە دەبێت.

*** بۆ ئەوەی وەرزشی پاسكیلسواری لە كوردستان پێش بخەن، پێتوایە دەبێت چی بكرێت؟**

- بۆ پرۆژەیەكی لەم شێوەیە مەرج نییە خۆمان بە داهێنانەوە ماندوو بكەین، بەڵكو دەتوانین شوێن پێی ئەزموونی وڵاتێكی وەك (ئیتاڵیا، ئەڵمانیا، فەرەنسا و.. هتد) هەڵبگرین و لاساییان بكەینەوە، پاشان لە قۆناغی دواتردا كار بكەین بۆ دروستكردنی ناسنامەی تایبەت بە خۆمان.

*** بڕیاری گەڕانەوەت نەداوە بۆ كوردستان بۆ ئەوەی خزمەتی پاسیكلسواری بكەی؟**

- لەم قۆناغەدا من پێویستم بە خود بونیادنان و فێربوونی زیاترە، هەموو هەوڵ و تواناكانیشم لەم پێناوەدا تەرخان كردووە، بەڵام بۆ داهاتووم ئەگەر دەرفەتم بۆ بڕەخسێت و پاڵپشتیم بكرێت، بەدڵنیاییەوە دەگەڕێمەوە و ئەوەی فێری بووم لە ئەزموون و دنیابینی، بێ دوودڵیی لەگەڵ هاونیشتمانییە وەرزشكارەكانمدا بەشداریی پێدەكەم، رێگاكانیش هەرچییەك و هەرچۆنێك بن، رێگە نادەم ببنە بەربەست لەبەردەم ئەو ئامانجەدا.






*** بەرنامـەت بـۆ ئێسـتا و داهاتـووی خـۆت چییـە؟**


- وەك پێشـتر ئامـاژەم پێکـرد، ئەرکـی مـن لەئێسـتادا فێربـوون و بەرەوپێشـچوونە، لەبەرئەوەشـە لـەم قۆناغـەدا هەمـوو هەوڵەکانـم تەرخـان کـردووە بۆ زیاتـر پـەرەدان بـە تواناکانـم و بچووککردنـەوەی ئـەو مەودایـەی لەنێـوان مـن و پاسکیلسـوارێکی کامڵدایـە. سـەبارەت بـە داهاتـووش دەتوانـم بڵێـم مـن ئێسـتا لـە داهاتـووی خۆمـدا دەژیـم، چونکـە توانیومـە بەشـێك لـەو پلانانـەم بەرجەسـتە بکـەم کـە رۆژانێـك وەك خەونێـك دەهاتنـە پێـش چـاوم، بـەڵام هیـچ بیانـوو، یـان هۆکارێـك نابینـم بـۆ ساردبوونەوەو هێواشـکردنەوەی هەنگاوەکانـم، لەبەرئـەوەی گەشـتەکەم بـەرەو لوتکـە تـەواو نەبـووەو پێویسـتیی بـە ماندوێتیـی و بەردەوامـی هەیـە.


***هـەوڵ نـادەی لـە رێگـەی پەیوەنـدی خـۆت لـە ئیتاليـا تیپێکـی کوردسـتان، یـان هەڵبـژاردەی پاسکیلسـواری کوردسـتان ببەیتـە ئیتالیـا بـۆ بەشـداریکردن لـە پاڵەوانیەتییەکـی نێودەوڵەتـی؟**

- بەدڵنیاییـەوە هەوڵمـداوە و لەمیانـی گفتوگـۆ و چاوپێکەوتنەکانمـدا کارم کـردووە بـۆ راکێشـانی سـەرنجی دەسـتەی کارگێڕیـی یانەکـەم و هەروەهـا کەسـایەتییە وەرزشـییەکانی ناوچەکـە، بـۆ دروسـتکردنی رایەڵەیەکـی پەیوەنـدی لەنێـوان یانەکانـی ئیتاڵیـا و وەرزشـکارانی کوردسـتان، تـا لـە داهاتـوودا سـوودی لـێ ببینیـن بـۆ ناردنـی بانگهێشـتنامە و بەشـداریکردنی پاسکیلسـوارەکانمان لـە پێشـبڕکێ دەرەکـی و ئاسـت بەرزەکانـدا. بـەڵام ئـەوەی ئەرکـی منـی گـران کـردووە، نەناسـراویی ناسـنامەی وەرزشـیی ئێمەیـە لـە دەرەوە و کاتێـك بـاس لـە کوردسـتان دەکەیت، بەرامبەرەکـەت هیـچ زانیارییەکـی نییـە.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-دەمەوێـت ئـەم هەلـە بەکاربهێنـم بـۆ سـوپاس و ستایشـکردنی هەمـوو ئـەو کـەس و لایەنانـەی هانـدەر، رێنوێنیکـەر و یارمەتیـدەرم بـوون بـۆ گەیشـتن بـەم رۆژە، بەتایبـەت بەڕێـز (پشـتیوان سـەعید)ی راهێنـەر، کە بەشـێکی گـەورەی توانا بەدەسـتهاتووەکانم لەنـەوا و سـایەی ئـەودا بـووە، سـوپاس بـۆ بەڕێزیشـتان بـۆ رێکخسـتنی ئـەم چاوپێکەوتنـە و گوڵان-یـش بـەردەوام پێشـەنگ بـووە.






## شۆماخیر شوێنی حەوانەوەی خۆی گواستەوە

گۆڤاری لیلۆستریە سویسری لە راپۆرتێکی خۆیدا ئەوەی ئاشکرا کرد، کە ئەفسانەی ئەڵمانی مایکل شۆماخر شوێنی حەوانەوەی خۆی لە سویسرا دەگوازێتەوە بۆ شاری مایۆرکەی ئیسپانی.

شۆماخر لە ساڵی ٢٠١٣ تووشی رووداوێکی مەترسیدار بوو و تا ئێستا بەهۆش خۆی نەهاتیتەوە.

مایکل شۆماخر شۆفێری فۆرمەلا یەك توانی لەگەڵ تیپی فیراری حەفت جار ببێتە پاڵەوانی جیهان.

ئەم ئەفسانەیە ماوەی شەش مانگ دوای رووداوەکە چارەسەری بۆ ئەنجامدەدرا دواتر گواسترایەوە سویسرا و تا ئێستا هیچ زانیارییەك لەسەر باری تەندروستی ئەم یاریزانە نییە.

خێزانی شۆماخر ڤێلای لە سەرۆکی یانەی ریال مەدرید فلۆرنتینۆ پێریز بە بری (٣٠) ملیۆن یۆرۆ کری لە شاری مایۆرکا.



## یانەیەکی ئەڵمانی کێشەی بۆ خانەوادەی پۆگبا دروستکردووە

یانەیەکی ئەڵمانی، کە تازە بۆ خولی پلە سێیەکانی ئەڵمانیا سەرکەوتووە ئامادە نەبوو گرێبەست لەگەڵ ماتیاس بۆگبا برا گەورەی ئەستێرەی فەرەنسا و یانەی مانچستەر بۆنایتد پۆل بۆگبا مۆربکات بەهۆی ئەوەی کێشەی زۆرە.

شتیفان کرامیر راهێنەری یانەی کی ئیف سی ئۆردینگن لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی (بێلد)ی ئەڵمانی گوتی: سەبارەت بە یاریزانێکی هێرشبەر خاوەن جەستەیەکی بەهێزە، بەڵام لە رووی لێهاتووی جەستەیی باش نییە و کێشەی زۆرە بۆیە ماتیاس سوودی بۆ یانەکە نابێت.

ماتیاس بۆگبا تەمەن (٢٧) سنە ساڵ دوای پێکانێکی گەورە لە ماوەی ساڵێك تازە گەرایتەوە نێو یاریگا و نەیتوانیوە گرێبەست لەگەڵ هیچ یانەیەك مۆربکات.

لە وەرزی ٢٠١٧ ئەم یاریزانە لە یانەی سپارتا رۆتردامی هۆڵەندی یاری دەکرد پێش ئەوەی گرێبەستەکە هەڵبوەشێتەوە پێشتر ئەم یاریزانە پێنج یاری لەگەڵ هەڵبژاردەی گینیا ئەنجامداوە.



# میسی

## پەیامێکی موژدە بەخشی ئاراستەی هاندەرانی بەرشلۆنە کرد

ئەستێرەی ئەرژەنتینی و یانەی بەرشلۆنە لیونێل میسی لە پەیامێکیدا پەیمانی بەجەماوەری بەرشلۆنە دا، کە نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بگرێنتەوە بۆ یانەکە، دوای لە دەستدانی لەسێ وەرزی رابردوو بۆ بەرژەوەندی یانەی ریال مەدرید.

یانەی بەرشلۆنە لە وەرزی ٢٠١٥ دواین جار نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپای بەدەستهێنا بۆ جاری پێنجەم.

لیونێل میسی لە وتەیەکیدا پەیمانی بە جەماوەر دا، کە ئەم وەرزە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بە دەستبهێنن و گوتی: ئەم وەرزە خاوەنی تیپێکی باشمان هەیە و رێگەمان دەدا، کە خەون ببینین و یاریزانە تازەکان یارمەتیمان دەدەن تا باشتر بین لە پێشوو.

لە درێژەی قسەکانیدا میسی گوتی: وەرزی رابردوو باش بووین، چونکە توانیمان خولی ئیسپانیا و جامی ئیسپانیا بە دەستبهێنین، بەڵام نەبردنەوەی نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا رێگەی نەدا خۆشیەکان بەردەوام بێت، بەتایبەتی دوای دەرچوونمان بەمشێوەیە.

لە کۆتایی قسەکانیدا میسی گوتی: هەموو شتێك دەکەین بۆ بردنەوەی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا و ئەم وەرزە دوای رۆیشتنی ئەنێستا بوومە کاپتنی تیپ ئەمەش ئەرکی قورس کردووم و شوێنی ئەنێستا زۆر بەزەحمەتی پر دەکرێتەوە.

شانازی بەخۆم دەکەم، کە بوومە کاپتنی یانەکە لە دوای ئەستێرەکان وەکو (پیوڵ، زاڤی، ئەنێستا.... هتد).



# هەردی سیامەند یانەی نەفتی هەڵبژارد



لەگـەڵ نزیکبوونـەوەی وادەی یارییەکانـی وەرزی نوێـی خولەکانـی عێراقـی یانەکانـی ناوەڕاسـت و باشـووری عێـراق بـەردەوام لـە هەوڵـی بەدەسـتهێنانی تواناکانـی یاریزانانـی یانەکانـی کوردسـتانن بـۆ ئـەوەی بیانگوازنـەوە ریزەکانیـان و بتوانـن بـەم یاریزانانـە ئەنجامـی شایسـتە بەدەست بهێنـن. هـەردی سیامەندی یاریزانی پێشووی یانـەی وەرزشی هەولێر دوای دوو وەرزی سـەرکەوتوو لەگـەڵ یانـەی مینـا ریـزی یانەکـەی جێهێشـت و چـووە یانەیەکـی ناوەڕاستی عێراق، تیپی تۆپی پێی یانـەی نەفتیش بەردەوامـە لـە چاودێریکردنی یاریزانـە کـوردەکان و لـە دوای هەریـەك لـە یاریزانـان بەیـار ئەبوبەکـر و فەرحـان شـوکر ئەمجـارە هـەردی سیامەندیشی کردە ئامانج، لـەم بارەشـەوە هـەردی سیامەند لە تۆڕی کۆمەڵایەتـی فەیسـبووك دەڵتەنگیـی خـۆی پێشـانداوە کـە بـە هـۆی کەمتەرخەمیـی هەندێـك لـە کارگێڕانـی یانـەی مینـا و پێنەدانـی بەشـێك لـە شایسـتە داراییەکانـی ریـزی ئـەو یانەیـەی جێهێشـتووە، بـەڵام خۆشەویسـتیی خـۆی بـۆ یانەکـە دووپـات کردووەتـەوە، هـەردی لـە نێـوان کۆمەڵێـك لـە یانـە بەتواناکانـی بەغـدا وەکـو جەوییـە و تەلەبـە و شورتە و زەورا و چەندین یانـەی تر یانـەی نەفتی هەڵبژاردووە بۆ ئـەوەی لە وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی عێراقی و جامی یانەکانی ئاسیا بە درێسی یانـەی نەفـت دەربکەوێـت و بتوانـێ ئاسـتێکی بـەرز لـەم دوو خولـە پێشـکەش بـکات، گرێبەستەکەشـی بـە بـڕی ١٤٠ملیـۆن دینـارە بـۆ مـاوە یـەك وەرز، جێـگای ئامـاژە پێکردنـە هـەردی سیامەند یەکێـك لـە یاریزانـە بەتواناکانـی شـاری هەولێر بووە کە پێشووتر یاری بۆ هەریەك لە یانەکانی هەولێر و زاخۆ و بروسك و پێرس کردووە و ئاستێکی بەرزی لەگـەڵ ئەو یانانە پێشکەش کـردووە، لـە یانـەی میـنـاش رۆڵێکـی کاریگـەری بینیـوە لـە وەرزی رابـردوو کـە هەمـوو کات جێـگای متمانـەی دەسـتەی راهێنـەران و یاریزانـان و کارگێڕی و هاندەرانـی یانەکـەی باشووری عێراق بـووە.

## کەمیی یاریزان و پێکان نەیـــ

لەماوەی رابردوو بە سەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان پاڵەوانیەتی فوتساڵی پارێزگاکانی کوردستان لە شاری دهۆك بەڕێوەچوو، تیپی فوتساڵی پارێزگای دهۆك نازناوەکەی بەرزکردەوە، تیپی فوتساڵی پارێزگای هەولێریش یەکێك لەم تیپە بەشداربووانە بوو کە چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرا ببێتە پاڵەوانی خولەکە، بەڵام لە خولەکە دوورخرایەوە و نەیتوانی وەکو یانەکەی شاری هەولێر ئافرەتانی هەولێر نازناوەکە بهێننەوە شارەکە، لەبارەی

# پێشمەرگەی سلێمانی دوو یاریزانی هەولێری بردە ریزەکانی

تیپی تۆپی باڵەی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی ساڵانە کۆمەڵێك یاریزانی بەتوانا لە تیپەکەیان کۆدەکەنەوە بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لەسەر ئاستی عێراق و کێبڕکێکردن لەگەڵ یانەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ئاست و ئەنجامی تیپەکەیان بکەن، بۆ ئەم وەرزە کارگێڕیی یانەکە بە فەرمی گرێبەستیان لەگەڵ هەریەك لە یاریزانانی یانەی هەولێر و ئەستێرەی یانەکە و کاپتنی یانەکە وەلید عەرەب و محەمەد سەلیم بەست هەتا بۆ وەرزی نوێ لە ریزی یانەکەی شاری سلێمانی یاری بکەن، لەم بارەشەوە وەلید عەرەب بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من و محەمەد سەلیم یاریزانی یانەکە بە فەرمی بۆ ماوەی یەك وەرز گرێبەستمان لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی سلێمانی مۆرکردووە، هەرچەندە گرێبەستی تریشمان هەبوو لە یانەکانی عێراق، بەڵام پێم باش بوو خزمەتی یانەیەکی کوردستانی بکەم کە لەژێر ناوی پێشمەرگەیە، پێشمەرگەش لای ئێمە پیرۆزیی خۆی هەیە.» گوتیشی: «یانەی هەولێر هەموو کات یانەی خۆم بووە و خۆشم بە خاوەنی زانیوە لە زۆربەی یاریزانەکان و کەسانی هەولێر زیاتر خزمەتی یانەکەم کردووە، خۆشحاڵیشم کە خۆم بە هەولێری دادەنێم، هەتا دەشمرم سوپاسی هەولێر دەکەم، ئەوەی پێشم کراوە، خزمەتی هەولێرم کردووە، بەڵام واقیعێك هەیە دەبێ بیزانین پارساڵ لەگەڵ یاریزانەکان هەموو شتێکمان کرد بۆ دروستکردنی تیپێکی باش و ئەوەی لە تواناماندا بوو کردمان، بۆ ئەمساڵیش لەگەڵ دکتۆر شوان سەرپەرشتیاری تیپ قسەم کرد بۆ بارودۆخی یانەکە و دواجار کۆبوونەوەی لەگەڵ ستافی تیپەکە کرد و گوتی ئێمە ئەمساڵ وەکو تیپ بەشدار دەبین، ئەو قسەیە (بە تیپێکی سادە بەشدار دەبین) واتە تەنیا لە خولی نایاب بمێنینەوە، لە قسەکانی وادیاربوو کە هیچ تمووحێك نییە بۆ ئەوەی چەند یاریزانێك بهێنن، ئەوەش بۆ یاریزانان زۆر ناخۆشە یەك ساڵ مەشق بە دوو هەفتە دووربخرێتەوە لە خولێك، پێشم گوت، ئەوە قسەی دەستەی کارگێڕیی یانەیە؟ گوتی: بەڵێ، ئێمەش سەرمان سوڕما کە ماوەی دوو مانگە هیچ مووچەیەکمان وەرنەگرتووە لە یانەکە، بەبێ مووچەش لە گەرمایەکی زۆر بەتین مەشقەکانمان بەردەوام بووە، بۆیە منیش بە باشم زانی کە یانەیەکی تر هەڵبژێرم و تواناکانی خۆم پێشکەش بکەم و لە هەردوو خولی عێراق و یانەکانی عەرەبی یاری بۆ یانەی پێشمەرگە دەکەم.




# هێشت کچانی هەولێر ببنە پاڵەوانی پارێزگاکان



هۆکاری خراپی ئەنجامەکانیش مەزن محەممەد راهێنەری تیپی فوتساڵی ئافرەتانی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هەرچەندە ئامادەکارییەکانمان بەدڵی ئێمە نەبوو، چڕو پڕ نەبوو، دەکرا یەك دوو یاری دۆستانە بکەین بۆ باشتربوون ئاستی تیپەکە و دواکەوتین لە ئامادەکاری، جگە لەوەش یاریزانانی ئێمە زۆر بەئەزموون بوون، یەکەم یاریشمان لە پاڵەوانی خولەکە بردەوە، بەڵام دوای ئەم یارییە کێشەیەکی زۆر گەورەمان هاتەپێش تیپەکەمان دە یاریزان بوو، پێنج یاریزانمان هی خولی نایاب بوون، بەڵام سێ بۆ چوار یاریزانمان تووشی پێکان بوون و نەیتوانی لە یارییەکانی داهاتوو یاری بکەن و کاپتنی یانەکەشمان کارتی سووری وەرگرت و نەیتوانی یاری بکات، ئێمەش وەکو تیپ بە پێنج یاریزان و گۆڵپارێزێك دوو یاری ترمان تەواو کرد، ئەوەش بۆ ئێمە زەحمەت بوو، ئەگەرنا ئەنجامەکان زۆر باشتر دەبوو، هەوڵیشمان دا ئەنجامەکان باشتر بێ، بەڵام پێکان رێگەی نەدا ئامانجەکەمان بپێکین، سوپاسی لقی هەولێری تۆپی پێش دەکەین هاوکاری باشیان کردین.

**فۆتۆ: لاویك سلاڤان**